## چەند تێبینییەکی گشتی لەبارەی:

# بەڕێخستنی خەباتی جەماوەری و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان


### سەلام مارف


پێم وایە کە ئیتر ئێستا کاتی ئەوە هاتبێت بەشێوەیەکی وردتر لەبارەی خەباتی جەماوەری و ڕێکخراوەیی بۆ داخوازییە جۆراوجۆرەکان قسە بکەین و، هەر لێرەیشەوە بچینە سەر مەسەلەی خۆڕێککخراوکردنە جەماوەرییەکانی کرێکاران و کارمەندان و ژنان و لاوان و سەرجەم توێژە ستەمدیدەکانی تر. کە ماوەیەکیشە لەچەند شوێنێکەوە بەکردەوە دەستی بۆ براوەو کاریان بۆ دەکرێن. هەر لەبەر ئەمەیە کە باسێکی لەم جۆرە، ئەمڕۆ جارێکی تر، لەو شوێنەوە گرنگی بەدەستدێنێتەوە کە ئەم خەباتە ئیشارەتپێکراوە خۆی خەریکە ڕەوت بەخۆی ئەدات و بەشێوەی جۆراوجۆر، نەك تەنیا وەك پێشوو لەئاستی کوردستان، بەڵکو لەئاستێکی سەرتاسەری و لەئاستی عێراقدا، سەروسیما سەرەتاییەکانی خۆی دەردەخات و شێوەی جۆراوجۆر لە ڕێکخراوبوون دێنێتە دەرەوە.

لەم دێڕانەی خوارەوەدا هەوڵ ئەدەم چەند لایەنێکی ئەم مەسەلەیە بدەمە بەر باس و ئەم باسەیش وەك باسێکی سەرەتایی وەڵاکردنی دەرگا لەسەر ئەم باسە دەخەینە ڕوو، کە حەتمەن قەڵەمەکانی تریش ئەتوانن دەوڵەمەندتری بکەن.

### هەلومەرجی ئەمڕۆ و مەسەلەی ڕێکخراوبوون

گەرچی مەسەلەی ڕێکخراوبوونی جەماوەری مەسەلەیەك نییە کە بەتەنیا و یەکلایەنە پەیڕەوی لەهەڵبەزو دابەزینە سیاسییەکان بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەلومەرج وەك فاکتەرێکی تر، زۆر جار بە سەلبی و زۆر جاریش بە ئیجابی، دەتوانێت مۆرکی خۆی لێبدات. بۆیە ئەمڕۆ ئەتوانین ئەم فاکتەرە، واتا هەلومەرجی سیاسی، وەك سەرەتای زەمینەسازییەك بۆ سەرهەڵدانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بەحساب بێنین.

هەلومەرجی ئەمڕۆ لە دوو لاوە، چ لەئاستی عێراق و چ لە کوردستاندا، ڕووبەرێکی نوێ بۆ بەگوڕکردنەوەی خەباتی جەماوەری دێنێتەوە پێش. لەعێراقدا، نەمانی حکومەتی بەعس، نەمانی دەزگایەکی پتەوی سەرکوتکردن، کە وەڵامی بچوکترین داخوازی بەئاگرو ئاسن ئەدایەوە، بەشێوەیەکی میکانیکی دەرگا لەسەر خۆڕێکخستنی جەماوەری دەکاتەوەو باس لە هێنانە پێشەوەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دەکاتە یەکێك لە دیاردە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی کۆمەڵگا. ئەو چین و توێژانەی کە دەیان ساڵە لەکەمترین مافی ڕێکخراوبوون بێبەش بوون، حەتمەن وەزعیەتی ئەمڕۆ وەك فرسەتێك ئەقۆزنەوەو مەسەلەی ڕێکخراوبوون دێننە پێشەوە. هەر ئێستایش سەرەتاکانی ئەم جۆرە ڕێکخراوبوونانە دەردەکەون.

بەڵام لەپەیوەند بە کوردستان، یان ڕونتر بڵێین، لەپەیوەند بەو ناوچانەی کە ماوەی نزیك بە ١٣ ساڵ لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندیدا نەمابون و هەلومەرجە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکەیشی بەهەمان دەلیل جیاوازتر بوو، مەسەلەکە بەشێوەیەکی تر دەردەکەوێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەتوانین بڵێین ئەمیشیان هەمان مەسەلەی بەڕێخستنەوەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان مەسەلەیەکی ئەسڵ و سەرەکییە. گەرچی لەکوردستاندا، نموونەو ئەزموون و چەندان شێوەی ڕێکخراوبوون سەریان هەڵداو پوکانەوە، یان بەشێوەی جۆراوجۆر لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ئیحتیوا کراو لەناوەڕۆکەکەی بەتاڵدەکرایەوە، لەجێگایدا ڕێکخراوی بەرەیی‌حیزبەکان، یان ڕێکخراوی تاکە حیزبی و ڕێکخراوی تەواو زەردی حکومەتی جێگای دەگرتەوە. ئێستا ئەم مەسەلەیە بەتەواوی، لەگەڵ چوونە ژێرپرسیاری تواناو دەسەڵاتی حیزبەکان، و ڕەوینەوەی مەترسییەکانی گرتن و لەکاردەرکردن و گواستنەوە.. ئەوانیش بەهەمانشێوە کەوتونەتە ژێر پرسیارەوەو ڕەت دەکرێنەوەو لەجێگایدا، مەسەلەی ڕێکخراوبوونی ڕاستەقینەو بەگریکەری جەماوەری دێتە پێشەوە، کە لەجیاتی ئەوەی ئامرازێك بێت بۆ فریودان و سەرکوتکردن، ئامرازێك بێت بۆ بەرگری و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکان.

لەهەردوو حاڵەتەکەدا، خاڵی گەش ئەوەیە کە مەسەلەی ڕێکخراوبوون، بەشێوەی جۆراوجۆر، جا ئەگەر زۆریش ڕۆشن نەبێت، هاتۆتە پێشەوەو، ئەمەیش بۆ خۆی خاڵێکی گەشەو جێگای ئومێدە.

### ئەرکی ئێمە لەم بارەوە

کەواتە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستیانەی سەرەوە، بەشێوەیەی تایبەت ئەرکی ئێمە چی دەبێت و چیمان دەکەوێتە سەرشان؟ لەڕاستیدا ئێمە لە ١-٢ مانگی ڕابردوودا شاهیدی ژمارەیەك ناڕەزایەتی جەماوەری بووین، کە سەرجەمیان بۆ خواستە ڕەواو بەحەقەکان بووەو، ئێمەیش بەشێوەی جۆراوجۆر بەشداریمان تیا کردووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەر لەگەڵ کۆتایهاتنی ناڕەزایەتییەکە کەمترین شوێنەواری لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە. سەرەکیترین هۆی ئەمە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕۆحیەتی کارێکی هاوبەش، بەکردەوەو بەشێوەیەکی جدی لەناو هەڵسوڕاوە چەپ و سۆسیالیستەکاندا نەهاتۆتە دی، هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی کە زۆرجار بە یەکریزی و هاوئاهەنگ کار بۆ بەڕێخستنی ناڕەزایەتییەك کراوە، بەڵام بەهەمان ڕۆحیەتەوە، کار بۆ درێژەپێدان و دانانی بەرنامەیەکی هاوبەش نەکراوەو لەئەنجامدا، خودی کارەکە، تەنیا لەچێوارچێوەی زەمەنێکی دیاریکراودا گیردەخوات و ناتوانێت وەڵامی خۆی وەربگرێتەوە. هەر لەبەر ئەمەیشە کە هیچ حاڵقەیەك لە هەوڵ و تێکۆشانەکان ناتوانێت پەیوەست بێت بە حەڵقەیەکی ترەوە.

لەم بۆتەیەدا ئەرکەکانی ئێمە قورستر دەبێتەوە، چونکە ئێمە تەنیا دەستەویەخەی ناڕێکخراوبوون و پەرتەوازەبوونی هەوڵەکان بۆ ڕێکخراوبوون نابینەوە، بەڵکو لەمەیش گرنگتر ئەوەیە، کە پەرتەوازەیی هەڵسوڕاوە سۆسیالیست و چەپەکان، توانای باڵی چەپی کۆمەڵگا بە هەدەر دەبات و کێرفی توانایی بۆ دەستنیشانکردن و بەکردەوە دەرهێنانی ئەرکەکانمان کەمتر ئەکاتەوە.

کەواتە ئەرکەکانی ئێمە بەپلەی یەکەم هێشتا لەسەر شێوەیەك بڕواهێنان بەکاری هاوبەش ڕاوەستاوە کە بۆ خۆی پێشمەرجی چەندان ئەرك و پێشمەرجی جێبەجێکردنی چەندان بەرنامەی ترە. لەگەڵ ئەمەیشدا ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە نەخشەیەکی وردتر بۆ دروستکردن و لەبارکردنی زەمینەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دابڕێژین و لەهەوڵی بەجێهێنانیاندا بین. بۆ ئەم کارەش دەکرێت، لیژنەکانی کاری هاوبەش وەك ناوەندێك بۆ هاوئاهەنگی هەڵسوڕاوانی ئەم مەیدانە سەیر بکەین و ئەمەیش بەکردەوە دەربخەین. بۆ ئەم کارەش دەکرێت زنجیرەیەك دانیشتن و لێدوان لەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەکانی پەیوەند بەم کارەوە بکرێت.

لەلایەکی ترەوە ئەرکمانە، پەنجە بخەینە سەر مەترسییەکانی کاری گۆشەگیرانەو ئەو ڕاستییە بەیانبکەین کە ئەو کارانەی بەشێوەیەکی دابڕاو دەچنە پێشەوە، ناتوانن بەرهەمێکی وای هەبێت. لەم بارەیەوە جێگای خۆیەتی بڵێین کە، کۆبوونەوەیەکی وەك ئەوەی ٥/١٨ ی مووچەخۆران لە سلێمانی، کە لەلوتکەترین قەیرانی مووچەو کرێ کەمترین کەس لەخۆ دەگرێت، یان ڕێپێوانی ٤٢ کەسی بەحساب یەکێتی بێکاران لەشارێکی تەواو پڕگرفت و بێکاری وەك کەرکوکدا، مایەی ئەوەیە لە دڵەوە ڕامانچەڵەکێنێ، (سەرباری ڕێزم بۆ خەبات و نیەتباشی هەردوو هەوڵەکە) چونکە ئاشکرایە کۆمەڵگا ناتوانێت لەوە زیاتر بەدەنگ ئەو پڕۆژە گۆشەگیرانەوەبێت کە هەر لەسەرەتاوە دەزانێت ئەزموونێکی سەرکەوتوو نەبووە. هەروەها لەلایەکی ترەوە دەبێت بەتەواوی پەنجەی هەڵە بخەینە سەر ئەو پڕۆژانەی کە وەك ڕابردوو بریتین لە ناوبردنی کۆمیتە حیزبییەکان بە ڕێکخراوەی جەماوەری و پەنجە بخەینە سەر ئەوەی کە چ هەڵەیەکە بە کۆکۆکردنەوەی چەند ئەندامێکی ڕێکخراوو حیزب پێت وابێت کە ڕێکخراوەی جەماوەریت دروست کردووە.

ئێستا لەوانەیە ئەوە زیاتر ڕۆشن بوبێتەوە کە کەمەسەلەی ئەسڵبوونی ملدان بە بەرەیەکی چەپ و ڕادیکال، ملدان بە کاری هاوبەش تەنیا تەئیدکردنێکی لەفزی نییە، مەسەلەکە بڕوابوونە بە ئەسڵێك، کە چەندان ئەرکی جۆراوجۆرمان ئەخاتە سەرشان.

هەر لێرەوە ئەوە بڵێم کە چەپ دەتوانێت دەورێکی جدی و بەرچاو لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا ببینێت و بزووتنەوەیەکی جەماوەری لە شکڵە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخراووبون و بێنێتە دەرەوەو ئەمەیش تاکە ڕێگایەکە کە لەم هەلومەرجە ئاڵۆزەدا هێزێکی جەماوەری ئەداتە بزووتنەوەی چەپ و سۆسیالیست و ئەو توانایەی ئەداتێ کە وەك هەر هێزێکی تر دەوری خۆی لە مەیدانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا ببینێت.

---

# مەسەلەی دراوی سویسری و یاریکردن بەژیان و چارەنووسی خەڵك


### عزیز علی


لەناوەڕاستی مانگی ڕابردوودا، سەرۆکی ئیدارەی سلێمانی لە چوارچێوەی چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا، ڕایگەیاند کە پارەی چاپی سویسری هیچ پشتیوانییەکی نییەو لەوانەیە خەڵك بەهۆی هێشتنەوەی ئەم پارەوە زیانیان بەربکەوێت. هەر بەدوای ئەمەدا شڵەژانێك بازاڕی گرتەوەو بەهای پارەی سویسری دابەزی و لە بەرامبەریدا دۆلارو سەرکەوت و بەهۆی ئەمەیشەوە نرخی شومەك و پێویستییە ڕۆژانییەکان چوونە سەرەوە.

لەڕاستیدا ئەم جۆرە ڕاگەیاندنانەیش ناتوانرێت هەروا یەکلایەنە بەوە شیبکرێتەوە کە بەشێکە لەدڵسۆزی ئیدارەکان بۆ خەڵك و نیشانەی پەرۆشییانە. حەتمەن بە تێڕوانینێکی سادە بۆ ڕابردوو هەر جۆرە ئیدعایەکی لەم جۆرە پوچەڵ دەبێتەوە، چونکە بەڕاستی چەندان ساڵە دەرکەوتووە کە ئەم جۆرە دڵسۆزییە لە بەرامبەر باج و گومرگی زۆرو کرێی زۆری کارەباو ئاوو تەنەکەی خۆڵ لەلایەکەوەو کەمی و نەبوونی کرێ لەلایەکی ترەوە، هەر جۆرە نیەت باشییەك دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

ئەوەی خەڵك لە ئەنجامی ئەم جۆرە ڕاگەیاندنانەوە بووە نسیبی خەم خواردن و بەپێشوازی چوونی ئەو قسانە نەبوون، تا بچن دینارەکانیان بگۆڕن بە دۆلار یان بچن ئەو پارچە زەوییانەیان پێ بکڕن کە بەلێشاو مەزاد دەکرێن و دەفرۆشرێن، بەڵکو لەڕاستیدا خەڵك لەبەرامبەر ئەم ڕاگەیاندنانەدا زەرەرو زیانیان بە نسیب بوو، کیسەیان بەتاڵتر بووە، چونکە دابەزینی بەهای دیناری سویسری ڕاستەوخۆ نرخی شتومەکەکانی لەبازاڕدا بردە سەرەوەو بەمە ئەو دابەزینە کاتییەی لە بەهای پێویستییەکانی ڕۆژانەدا هاتبووە دی و وردە وردە نەما.

ئەمە چ جای ئەوەی کە دواکەوتنی کرێ لەکاتی خۆیداو نەمانی توانای کڕین و ئەو هەڵبەزو دابەزەی کە ماوەیەکە بازاڕەکان بەخۆیەوە بنیویەتی.

کەواتە، خەڵك مافی خۆیەتی بپرسێت کە ئیدارەیەك خەریکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەموو دەسەڵاتەکانی لەدەست ئەدات، چۆنە وا دەتوانێت ئەم جۆرە ڕاگەیاندنانە لەگیرفانی خۆیەوە دەربێنێت و بەو نرخە هەرزان بیداتەوە بە خەڵك، یان ئایا ئەم قسانە بەشێکە لەبەرنامەی ئەمریکا، ئایا ئەم قسانە بەشێکە لە بەرهەمی ئەو بێ سەروبەرییەی کە کوردستان و عێراقی گرتۆتەوە، یان بەشێکە لە هونەری کڕین و فرۆشتن و ئەو شتەی کە پێی دەڵێن چاوبەستی بازاڕ؟

هەرچۆنێك بێت ئەم جۆرە ڕاگەیاندنانە ناتوانن خزمەت بەکەس بگەیەنن، جیا لەوەی کە توێژێکی فراوان بەهۆی ئەم ڕاگەیاندنانە کە هیچ بنەمایەکیان نییە، زەرەر مەند دەبن. لەلایەکی تریشەوە لانیکەم هێنانەگۆڕی ئەم مەسەلەیە لەم وەزعیەتە نا سەقامیگرەی بازاڕدا، تەنیا دەتوانێت ببێتە مایەی پەشێوی و نائارامی زیاتر.

لەکۆتایدا پێویستە ئەوە بڵێین کە لەکاتێکدا خەڵك ناچارە کە پێویستییەکانی ڕۆژانەی بەدیناری عێراقی بکرێت و ئەم دینارە تاکە وەرەقەی سەرەکییە بۆ معامەلەو ئاڵوگۆڕ، هیچ مانایەکی نییە کە داهاتی خەڵك بەدۆلار بدرێت و هەر دۆلاریش بە ٩ دینار بشکێتەوە. ئەمە لەکاتێکیشدا کە دۆلار هەر هەواڵەو بەهایەکی پێئەدات.

لە حاڵەتێکی ئاوادا ئاساییە کە ئەم بڕیارە بەرەو ڕووی ناڕەزایەتی دەبێتەوە، کە هەروەك چۆن ئەم ناڕەزایەتییە بەردەرگای ئەنجومەنی وەزیرانی لە سلێمانی گرت.

---

لە بەرامبەر ئەو چاوپێکەوتنەی کە سەعید ئەلسەحافی کۆنە وەزیری ڕۆشنبیریی بەعسی ڕوخاولەگەڵ کەناڵی ئەلعەرەبیەدا سازیکردووە، ٢٠٠ هەزار دۆلاری لەلایەن ئەو کەناڵەوە پێدراوە بۆ ڕازیبوون بەسازکردنی ئەو چاوپێکەوتنە